ISSN: 1994-4217 (Print) 2518-5586(online)

Journal of College of Education

Available online at: https://eduj.uowasit.edu.iq

# History and war as a cause of construction movement in the view of Will Durant and Machiavelli

**Assis. Lect. Farhang Noori Mahmood**

**Assistant Lecturer: Saman Othman Ali**

**Soran University, Faculty of Arts - Department of History**

**Email:**
farhang.mahmood@soran.edu.iq
saman.alee@soran.edu.iq

***Keywords:***

**Machiavelli, Will Durant, history, war, construction**

CC BY

**Article info**

***Article history:***

Received 10.Sep.2025

Accepted 15.Oct.2025

Published 28.Nov.2025

## ABSTRACT

History and war as a cause of the construction movement are inseparable twins. These two subjects have always been the deep intellectual point behind any change, because an important part of civilization's progress begins with the end of wars Construction In the view of many thinkers, conflict and breaking each other is a pre-civilization stage where one force can break the waist of another force and dominate the center of construction and become a turning point Motivate constructive movements, and examine past examples of historical events that have led to positive change, war as a cause of constructive movements and the emergence of history, study the role of war in stimulating constructive movements, analyze the impact of conflict on change and development.

Will Durant's views on history and its influence on constructive movements and discuss key ideas and concepts in this regard are discussed, as well as Machiavelli's views on war and its role in shaping the development of societies It does history, war, and constructive movements, highlighting the perspectives of Will Durant and Machiavelli.

© 2025 EDUJ, College of Education for Human Science, Wasit University

**DOI:** https://doi.org/10.31185/eduj.Vol61.Iss3.5093

## التاريخ والحرب كسبب لحركة البناء عند ويل ديورانت وماكيافيلي

م.م. فـەرهنگ نـوری محمود        م.م. سامان عثمان عالى

جامعة سوران ـ كلية الآداب ـ قسم التأريخ

**الملخص:**

يُعدّ التاريخ والحرب، كسببٍ لحركة البناء، توأمين لا ينفصلان. لطالما شكّل هذان الموضوعان المحورَ الفكريَّ العميق وراء أي تغيير، لأن جزءًا هامًا من تقدم الحضارة يبدأ بانتهاء الحروب. يرى العديد من المفكرين أن البناء مرحلةٌ ما قبل الحضارة، حيث يمكن لقوةٍ ما أن تهزم أخرى وتسيطر على مركز البناء. يُعدّ ويل ديورانت وماكيافيلي المفكرين الرئيسيين في هذا الموضوع. يُحفّزان الحركات البناءة، ويدرسان أمثلةً تاريخيةً سابقةً للأحداث التي أدت إلى تغييرٍ إيجابي، والحرب

كسببٍ لحركات البناء ونشأة التاريخ، ويدرسان دور الحرب في تحفيز حركات البناء، ويُحلّلان تأثير الصراع على التغيير والتنمية.

يناقش هذا الكتاب آراء ويل ديورانت حول التاريخ وتأثيره على حركات البناء، ويناقش الأفكار والمفاهيم الرئيسية في هذا الصدد، بالإضافة إلى آراء مكيافيلي حول الحرب ودورها في تشكيل تطور المجتمعات. يتناول الكتاب التاريخ والحرب وحركات البناء، مُسلّطًا الضوء على وجهات نظر ويل ديورانت وماكيافيلي.

**الكلمات المفتاحية:** مكيافيلي، ويل ديورانت، التاريخ، الحرب، البناء.

## مێژوو و جەنگ وەک هۆیەکی بزوتنەوەی بنیاتنان لەتێڕوانینی ویل دیورانت و مەکیاڤیللی

**توێژەر: فــەرهنــگ نــوری مــەحــمود** **توێژەر: سـامـان عـوسمان عـالی**

**زانکۆی سۆران– فاکەڵتی ئاداب– بەشی مێژوو**

**پوختە:**

مێژوو و جەنگ وەک هۆیەکی بزوتنەوەی بنیاتنان دوانەیەکی لێکدانەبڕوان، هەمیشە ئەو دووبابەتە لە دونیای بیرکردنەوەی هزرمەندان خاڵی قوڵی هزری بوون لە پشت هەر گۆڕانێک، چونکە بەشێکی گرنگی پشکەوتنەکانی شارستانیەت بە کۆتایی هاتنی جەنگەکان دەست پێدەکەن، مێژووش لەم مندالّدانەی لە دایک دەبێت بەم هۆیەوە هەمیشە لە هزری بیرمەندان ئەم پەیوەندیەی نێوان مێژوو یەکسان بووە بە لە دایکبوونی قۆناغی نوێ لە بنیاتنان. لە تێڕوانی بەشێکی زۆری بیرمەندان ململانێ و یەکتر شکاندنەکان قۆناغێکی پێش قۆناغێ شارستانیەتن کە هێزێک دەتوانێت هێزێکی تر کەمەرشکێن بکات و زاڵبێت بەسەر ناوەندی بنیاتنان و دەبێتە خاڵی وەرچەرخان و گۆڕان، ویل دیورانت و ماکیاڤێلی وەک بیرمەندی سەرەکی لەسەر ئەم بابەتە وەک هۆکارێک بۆ بزووتنەوە بنیاتنەرەکان باس لەوە دەکەن کە چۆن لێکۆڵینەوە لە مێژوو و جەنگ دەتوانێت ئیلهام و پاڵنەر بێت بۆ بزووتنەوە بنیاتنەرەکان، هەروەها بەدواداچوون بۆ نموونەکانی ڕابردوو کە ڕووداوە مێژووییەکان گۆڕانکاری ئەرێنییان لێکەوتوتەوە، شەڕ وەک هۆکارێک بۆ بزووتنەوە بنیاتنەرەکان و سەرهەڵدانی مێژوو، لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی جەنگ لە وروژاندنی بزووتنەوە بنیاتنەرەکان، شیکردنەوەی کاریگەری ململانێ لەسەر گۆڕانکاری و گەشەسەندنی مێژووی کۆمەڵگە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیی.

ڕوانگەی ویل دورانت سەبارەت بە مێژوو و کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوە بنیاتنەرەکان و گفتوگۆکردن لەسەر بیرۆکە و چەمکە سەرەکییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا گەنگەشە هەڵدەگرێت، هەروەها خستنەڕووی بیروڕاکانی ماکیاڤێلی سەبارەت بە جەنگ و ڕۆڵی لە داڕشتنی گەشەسەندنی کۆمەڵگاکاندا، بەراوردکردن و جیاوازیکردنی بۆچوونەکانی ماکیاڤێلی لەگەڵ بۆچوونەکانی دیورانت و بەدواداچوون بۆ پەیوەندی نێوان مێژوو و جەنگ و بزووتنەوە بنیاتنەرەکان دەکات و تیشک دەخاتە سەر دیدگاکانی ویل دیورانت و ماکیاڤێلی.

**کلیلە وشە:** مەکیاڤیلی، ویل دیۆرانت، مێژوو، جەنگ، بنیاتنان

**پێشەکی:**

مێژوو و جەنگ وەک هۆیەکی بزوتنەوەی بنیاتنان بابەتێکی گرنگ و جێگای سەرنج بووە، بەتایبەت لەدیدی بیریاری دوو قۆناغی مێژووی جیاواز کە بەتێکهەڵکێشکردنی بیرو بۆچوونەکانیان هەروەها لەچەند وێستگەیەک بەراوردی بیروبۆچوونیان دەکەین، ئەوانیش هەریەکە لە بیرمەندی ئیتالی سەردەمی بوژانەوە ئەویش (نیکۆلۆ دی برناردو دی مەکیاڤیللی)یە پەرتووکی(میر )کە لە ساڵی ١٥١٣ز نوسراوە ئەم پەرتووکە لە چۆنیەتی گەیشتن بەدەسەڵات و بەردەوامی ژیار و وشیاری، ئەم پەرتووکە گەنەگەشە لەسەر گەشەی ئەزموونی و ئەقلی مرۆڤەکات، ئێمەش تێگەیشتنی ئەومان دەربارەی مێژوو و جەنگ وەک هۆیەکی بنیاتنان خستوتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەروەها بیرمەند و مێژوونوسی ئەمریکایی (ویل دیورانت) لە بەرگی یەکەمی پەرتووکی (مێژووی شارستانیەت) ئەم پەرتووکە چیرۆکی فەلسەفەی ژیاری گەشەی ئەزموونی و ئەقلی مرۆڤ دەسپێکی یەکەم ڕووبەربوونەوەی لەگەڵ سروشت و هاوڕەگەزی خۆی، لەم لێکۆلینەوەیە بنەماکانی فەلسەفەی مێژوو لای نوسەر دەبارەی ڕۆلی جەنگ و مێژوو وەک هۆیەکی پاڵنەر لە بنیاتنانی شارستانیەت. گرنگی بابەت لەوەدایە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات چۆن ڕووداو و ململانێ مێژووییەکان دەتوانن وەک بناغەیەک بۆ بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی خزمەت بکەن. ئامانجی توێژینەوکە شیکردنەوەی بیر و ڕوانگەی دورانت و ماکیاڤیلی و ڕۆشنایی خستنەسەر سروشتی بەیەکەوە گرێدراوی مێژوو و جەنگ و بزووتنەوە بنیاتنەرەکان و چۆن ئەم توخمانە بە درێژایی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگاکان و شارستانیەتیان لە قاڵب داوە.

پرسیاری توێژینەوە: چۆن لێکۆڵینەوە لە مێژوو دەتوانێت ئیلهام و پاڵنەر بێت بۆ بزووتنەوە بنیاتنەرەکان؟چۆن جەنگ دەتوانێت وەک بزوتنەوەیەک بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی سوودی لێوەربگیرێت. هەردوو پەرتووکی(میر )ی مەکیاڤیللی و بەرگی یەکەمی پەرتوکی( مێژووی شارستانیەت)ی ویل دیۆرانت وەک سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتی لەم توێژینەوەیە سوودیان لێ وەرگیراوە، لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تر کە لە لیستی سەرچاوەکان ئاماژەمان بۆ کردوون. ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دەروازە و سێ باسی سەرەکی، دەروازە بە ناونیشانی(پەیوەندی نێوان مێژوو  و جەنگ وەک بزوێنەرێکی بنیات نان) هەرچی باسی یەکەمە تیشک دەخاتە سەر(جەنگ وەک داینەمۆی گۆڕان و بنیاتنان لەتێروانینی هەردوو بیرمەند) و بە وردی شەن و کەوی بابەتەکە دەکات، ئەوەی تایبەتیشە بە باسی دووەم لەژێر ناونیشانی(مێژوو وەک بزوێنەرێکی بنیاتنان لەتێروانینی مەکیاڤیللی و ویل دیورانت)، باسی سێیەمی توێژینەوەکە تیشک دەخاتەسەر(گەشەی بنیاتنانی ژیار لەنێوان مەکیاڤیللی و ویل دیورانت)، تیایدا توێژەران هەوڵیان داوە بە وردی شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ بابەتەکە بکەن و لە کۆتایشدا چەند دەرئەنجامێکیان خستۆتەڕوو.

**دەروازە: پەیوەندی نێوان مێژوو  و جەنگ وەک بزوێنەرێکی بنیاتنان**

جەنگ لە سەرەتادا فاکتەرێک بووە بۆ سەرهەڵدانی ململانێی نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان، لە دەرئەنجامی ئەم ململانێییەی نێوان بەهێز و بێهێز، کۆیلایەتی سەری هەڵدا، لە قۆناغەکانی دواتر کۆیلایەتی بوو بە فاکتەرێک بۆ هەڵگیرسانی جەنگ،  واتە کویلایەتی بووە بە شێك لەو سیستەمەی مرۆڤ بە هۆیەوە خۆی بۆ قۆناغی پیشەسازی ئامادە دەکرد، بێجگە لەوەی ڕۆڵی ناڕاستەوخۆی  لە پێشخستنی ژیاریدا گێڕا(دۆرانت، ٢٠٠٧، ١، ٥٩) هەزاران ساڵی پێش زایین و لە قۆناغە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤایەتی جەنگ بوونی هەبووە، بەڵام شێوەی جەنگەکان جیاوازبوون ئەم جەنگانە بۆ یەکلاکردنەوە و دوژمنایەتی نێوان گروپەکان بوو، کە دیسان دەبوو بەیادەوری و مێژوو لەزەینی ئەم گروپانە. جەنگەکان لە کۆندا لە شێوەی گرووپی بچووکدا بووە، لەگەڵ فراوانبوونی کۆمەڵگا و زۆربوونی مرۆڤ ستراتیژیەتی جەنگ گۆڕانی بەسەرداهات و گرووپە بچوک بچوکەکان بوون بەسوپا و هۆز و هێزی گەورەتر، لە چەندین هەزار ساڵ پێش زایینەوە

جەستەی ئەو کەسانەی دۆزراونەتەوە لەلایەن شوێنەوارناسانەوە بەهۆی جەنگەوە مردوون، لە کتێبە ئاینی و مێژووییە کانیشدا چیرۆکی جەنگ و شەڕەکان دەگێردرێنەوە کە زۆرێکیان دەگەڕێنەوە بۆ پێش زایین.

ئەم ململانێیەی ناو مێژووی مرۆڤایەتی دەستپێدەکات و باس لە وەدەکات، کە ململانێی هێمن نەبوون و بەردەوام بە شێوازێکی توندوتیژ چارەسەرکراون، بەکارهێنانی هێز و زەبرو توندوتیژی هۆکارێکی سەرەکی بوون لە بەلایەکداخستن و چارەسەرکردنی ململانێکاندا. ئەوە ڕەگەزێک نیە تەنها ژیار و شارستانیەت دەخولقێنێت، بەڵکو ژیاری مەزنە نەتەوەش دەخولقێنێت لەبەرئەوەی بارودوخی جوگرافی، ئابووری و کەلتوورییە کە شارستانیەت دروست دەکات، کەلتووریش ئەو شێوازە دەخولقێنێت کەدەبێتە قەوارە بۆ نەتەوە و پەیوەندی نێوان مێژوو و جەنگیش دەردەکەوێت، کە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندیەکی ئالۆزە(دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ٢٢)چونکە جەنگی نێوان مرۆڤەکان شێوەیەکی دووبارە بوویەوەیەو بەردەوام و حەتمییە دەستپێکی جەنگ دەستپێکی قۆناغێکی دیکەی مێژووە(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١١٥؛ W.J Nemeth, Future 2002, p 87) لەکۆندا واتا و ماهییەتی جەنگ جیاوازبوو بەگوێرەی قۆناغەکان، چونکە مرۆڤ ئەوکاتەی ستراتیژی جەنگی پێوانەدەکرد بەهێزی بازوو، ئەگەر تووشی شەڕێک بوونایە ئازاترین کەسی خۆیان دەکردە سەرکردە و ئیدی کوێرانە گوێڕایەڵی دەبوون، پاشان هەرکە شەڕە کە تەواو بوایە بەتەواوی مانا لەسەرکردەییان دەخست و دەیانگێڕایەوە سەر کارەکەی پێشووی خۆی(دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ٦٤).

هەردووچەمکی "شەڕ و جەنگ" بە واتای ئەوە دێت کە شەڕ کردەیەکە لەنێوان تاکەکاندا، بەڵام جەنگ بازنەیەکی فراوانترە و لەنێوان وڵاتان و شارستانی و بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکاندا ڕوودەدات. بەدیوێکی تردا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین جەنگ لە دایکبووی ساتەوەختێکە مرۆڤ بەسەر گروپی نەتەوەیی و ئابووری و رەگەزیی جیاجیادا دابەش بووە، نەیتوانیووە ئایدیالێك دروستبکات کە هەمووان لە دەوری کۆببنەوە و وایان لێبکات واز لە جەنگ لەگەڵ یەکتر بێنن، تەنانەت لەناو یەك ئاییندا بەشێك لە باوەڕداران دەچنە جەنگی بەشێکی دیکەی باوەڕدارانی هەمان ئایین، بۆیە تا ئەم ساتەش بیرکردنەوە لەوەی ئایدیالیك بچێتە شوێنی حەزکردن لەدەسەڵات ئەگەری سەرکەوتنی زۆر کەمە، مێژووی جەنگ بە مێژووی دەسەڵاتەوە بەندە کە تێیدا ویستی دەسەڵاتداری شوێن بە بەرهەمی ئایدیالێکی مرۆیی چۆل دەکات یانیش جەنگ تەنها لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکو لایەنی دەروونی، هزری و غەریزیش کە مرۆڤەکان پەلکێش دەکرێن بۆ ئەوەی جەنگ بکەن، دەکرێت هەندێک جار بە غەریزەی تێکشکاندنی ناو بنێین بۆ ئەم مەبەستەش مرۆڤ لەسەر پەل و پۆی غەریزەی تێکشاندن و ڕوحێکی داهێنەرانەی تێدا گەشەکردووە و توخمەکانی ژیاری خولقاندن و وەک بناغەیەکی بنیاتنەرانە سروشتی خۆی گەشە پێداوە(دۆرانت، ٢٠٠٧، ١، ٤٢) ئیدی هەر جەنگێک گەر بازنەیەک بۆ بەدبەختی مرۆڤ زیادی کردبێت لەلایەکی دی تەکنیکێکی نوێی وەدەست خستووە کە دوژمنەکەی پێبشکێنێت، جەنگ و مێژوو دوو بابەتن پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەسەریەکەوە هەیە، مرۆڤەکان حەزیان بە جۆرێکە لە زاڵبوون، تیروانینی مەکیاڤیللی بو ئەم بابەتە ڕوون و ئاشکرایە، تەنانەت ڤولتێریش دەیخاتە بەرباس و لەو باوەڕە دایە دەسپیکی بوونی هێزێکی ئامادە بۆ جەنگ هەمان ئەو دەسپێکەیە کە مێژوو لە دایک دەبێت(مەکیافیللی، ٢٠١٩: ٥٦-٥٧؛ أحمد، ١٩٧٩، ١٩؛ بدوي، ١٩٩٨، ١٥٦).

جەنگەکان بەشێکن لە غەریزەی مەرگدۆستی و دەروونی شەڕانگێزی خودی مرۆڤ، هەروەک ئەو ویستەش بە پێویستییەک دادەنرێت بۆ بەردەوامبوونی ژیان، سامناکترینیان جەنگی بایۆلۆژییە، ئەگەرچی مێژووی جەنگی بایۆلۆژیی زۆر کۆنە، شێوە هەرە تەقلیدی و ساکارەکەی خۆی لەوەدا دەبینییەوە سوپا شەڕکەرەکان تەرمی کوژراوی یەکتریان دەخستە ناو سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە تاکو خنکان و نەخۆشی لە لەشکری بەرامبەردا دروست بێت. یان ئەوروپاییەکان لە ڕێگەی سیل و تاعون و کولێراوە سەدا هەشتای ئەمەریکاییە رەسەنەکان "هیندە سوورەکان"یان قڕکرد و لەو ڕێگەیەوە دەستیان

بەسەر ئەو قارەدا گرت هەمیشە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی خۆیان سل لە هیچ شتێک ناکەنەوە بۆئەوەشی ژێردەست نەبێت هەر هۆ و ڕێگایەک بەڕەوا دەزانێت( مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٤٠، ٨٩، ١١٥؛موریس گراستون ، ١٩٨٠، ٤٧، ئەنشتاین و فرۆید، ٢٠٠٧، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩) ئەمەش ئەو بیرۆکەیە کە مرۆڤ لەیەککاتدا دژی سروشت و دوژمنی ڕەگەزی خۆی بجەنگێت، لە پێناو مانەوەی لایەنە هزریەکانی دەخاتەگەڕ تاکو هێزی دووژمنەکەی لەناو ببات و هێزەکەی خۆی پەک نەخات و جەنگ لە پێناو مانەوە ئەنجام دەدات هەر ئەوەش دۆرانت پێی وابوو جەنگ دوا دەرفەتی بوون و مانەوەیە، گەر شکستی تییدا خوارد ئەوا پێی وایە گەر بکوژرێت ئەوا هیچ جیاوازییەکی نییە دوژمنی هۆزەکەم لەناوم ببات یان فرێم بدات(دۆرانت، ٢٠٠٧ ، ١، ٤٠؛G.Frank Hoffman, 2007,p17 ).

دوای ئەوەش مرۆڤ کە لە ترس بە دوور بوو، پاڵنەرەکانی بەرەو پێشکەوتن و فاکتەرەکانی داهێنان و بیناکردن لەناخیدا ئازاد دەبن، دوای ئەوەش خودی فریودەرەکانی سروشت دەیجوولێنن بۆ بەرەو پێشچوون لەپێناو تێگەیشتنی تەواو لەژیان و گەشەکردنی(دیورانت،٢٠٠٧: ١، ١٩) هزری مەکیاڤیللی بۆ مێژوو لەم گۆشەنیگایەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەویش بۆشایی و کەموکوڕی ڕابردوو بە تەنها ڕابردوویەکی ڕووت نیە، بەڵکو گریمانە و گومان زۆر هەڵدەگرێت و ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەیە، بۆیە مێژوو لەسەر بیری خاوەن هێز و کۆکەرەوەی گروپە کۆمەڵایەتیەکان وەستاوە( Holman Christopher: 2018,p. 77-75; Bakare: 2020, p:49-50؛ مەکیاڤیللی, ٢٠١٩ :١١٧). کەواتە بۆچوونی مەکیاڤیللیش لەبارەی بزوێنەری مێژوو زۆر لە بۆچوونی دیورانت دوور نیە، چونکە لای دیورانتیش تاکگەراییە ئەو دەوڵەمەندیە لەگەڵ خۆی دەهێنێت لەناوەڕۆکیش ترس و دڵەڕاوکێ و ژێردەستەکردن و بەکۆیلەکردن وەک پاشکۆیەک لەخۆیدا کۆدەکاتەوە هێز و توانای شاراوەی پیاوانیشی بەگەڕ دەخات ئەوەش ئاگری ململانێ هەڵدەگیرسێنێت(دیورانت، ٢٠٠٧ ، ١، ٥٦) لەڕوانگەی مەکیاڤیللی، کۆکەرەوەی گروپە کۆمەڵایەتیەکان، دروستکەر و چەقی پاڵنەری مێژوو و جەنگیش لە وشیاری ئەوە سەرچاوە دەگرێت و تێڕوانینەکانی گشتی لە چوارچێوەی ئەو دەخولێنەوە کە شیکردنەوە بۆ بابەتی بنیاتی مێژوو دەکات(مە کیاڤیللی، ٢٠١٩: ٣٠-٣١ ، ١١٦، ١١٧).

ئینجا بازنەکە گەورەتر دەکرێتەوە لەلایەن دیورانت و پێی وایە ململانێ و جەنگەکان هۆکارێکی سەرەکین کە پەلکێشیان دەکات ئەویش جیاوازی کۆمەڵگاکان و جیاوازی چینەکانە لە ماڵ و سامان کە لە بازنەیەکی تە سکدا پاڵ بە خەلک دەنێت بۆ جەنگی جیاوازی و جەنگی چینەکان و ملکەچکردن و وێرانکاری و ئیفلاس و ڕووتکردنی بەرامبەرەکانیان و تێکدانی هۆیە سەرەکیەکانی ژیار، گەر سەرکردایەتی جەنگ ئامانج و ستراتیژ و بەدیلی هێزی شکست خوارد و نەبێت لە فەرمانڕەوایی (دۆرانت،٢٠٠٧، ١ ، ٢٥؛Freja Louise Werner. " 2017. p.7) بۆیەش مەکیاڤیللی مێژوو وەک دانایەک کە بینەری هەل و هەڵەی تۆمارکراوی مرۆڤەکانە هەر خۆشی ئەزموونی مێژوویی هۆیەکی بنچینەیی گەشەی ژیارییە کە دەرفەت نەدرێت بەدووبارە بوونەوەی هەڵەکانی ڕابردوو مێژووش هاوکێشەکە دەکێشت وەک بنەما (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٢-٥٧).هەرچەند جیاوازی لە تێڕوانینەکانی دیورانت بەدیار دەکەوێت کە زیاتر لە پەیوەندی نێوان مێژوو و جەنگ فاکتەرە ئابوورییەکان بە پێشینەی ئەم پەیوەندییە دادەنێت و پێی وایە ترسناکی فاکتەرە ئابوورییەکان و ڕێگاکانی گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی تر ئەوە ڕەنگە ببێتە فاکتەرێک بۆ لە ناوچوونی بەشێکی مرۆڤەکان بەڵام بەهۆی نەبوونی پەروەردەیەکی ململانێی نێوان نەوەکان و دروستکردنی مێژوو لەڕێگای جەنگەوە یەکلادەکرێنەوە (دۆرانت، ٢٠٠٧، ١، ٢٥).بۆیە دیورانت پرسەکە سادەتر دەکاتەوە، پێی وایە کاتێک مرۆڤ بە کشتوکاڵەوە خەریک دەبێت ونیشتەجێبوون جێگای ڕاو دەگرێتەوە هۆزە ڕاوچییەکان و شوانکارەکان دەبێتە جێگای چاو تێبڕین، کشتوکال شێوازی ئاشتییانە و ناتوندوتیژە مرۆڤ لەسەر ژیانێکی جێگیری بێ کێبڕکێ و جەنگ لەگەڵ سروشت ڕادەهێنێت و لەجەنگی پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیدایە و جەنگیان لەبیر دەچیت، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نادات شوانکارەکان هێرشیان

نەکەنە سەر (دیورانت، ٢٠٠٧ ، ١، ٦٧) کەواتە جەنگ شێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەندی نێوان کومەڵگاکانە(گاستن بوتل، ٢٠٠٦، ٤٩) لای مەکیاڤیللی ڕوودانی جەنگ حەتمییە و خۆلێلادانی داننانە بە شکست، بەر بەجەنگ ناگیرێت و جەنگیش بوونی هەبوو مێژوو و تومارەکانی گەشەدەکەن سەردەمەکان دەست دەکەن بەگۆڕان و شارستانیەتەکان بەرگێکی نوێی شارستانیەت دەگرنە بەر( مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٤٠، ٨٩، ١١٥؛موریس گراستون، ١٩٨٠، ٤٧) بۆیەش ئالۆزی پەیوەندی نێوان جەنگ و مێژوو بە جۆرێکە کە هیچ پەیوەندییەک بە قەد ئەم دوو بابەتە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەسەریەکەوە نیە، چونکە لەگەڵ گەشەسەندنی جەنگەکان ڕاستەوخو تومارە مێژووییەکان گەشەدەکەن. تیروانینی مەکیاڤیللی بۆئەم بابەتە ڕوون و ئاشکرایە، تەنانەت قوڵتریش بابەتەکە دەخاتە بەرباس و لەو باوەڕە دایە دەسپێکی بوونی هێز، هەمان ئەو دەستپێکەیە کە مێژوو لە دایک ئە بیت(مە کیافیللی، ٢٠١٩: ٥٦-٥٧؛ أحمد، ١٩٧٩، ١٩؛ عبد المعطي، ١٩٩٦: ١٣١).

بۆ ئەم بابەتەش شایەتێک کە هەر لە ناو خودی مێژووەوە سەرچاوە دەگرێت و کۆی جەوهەری پرۆسەی لە دایکبوونی مێژوو دەخاتە بەرچاو دەیسەلمێنێت لە دایکبوونی مێژوو بەبێ بونی جەنگ لە دایکبوونێکی گریمانەیی و ناتەواوە، ئەوەی مێژوو دەگەیەنێتە ئاستی زانستەکانی تر ئەوەیە کە بناغەکەی لەسەر پاشماوەی ئەو هێزە سەرکەوتوانەی دوای جەنگ جێگیر دەبێت، لە مێژوو تومارەکانی لەسەر ئە م بابەتە شایەتن، جەنگە سەرۆك و پادشا و دەوڵەت دەخولقێنێت، هەروەك ئەوانیش جارێکی تر دێنەوە و جەنگ بەرپا دەکەنەوە(دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ٦٣ ؛ Kaldor, Mary, 2005:p.22)ئەو پەیوەندییەش دەرخەری هەبوونی ناکۆکی نێوان دوو لایەنە هە موو جە نگێکیش لایەنێکی هێرشبە ر و هێرشکراوی هەیە، واتە جە نگ خالی بەریەککەوتنی نێوان دووبەرە و دوو لایەنی ململانێکارە لەم خالەدا بەیەک دەگەن(گاستن بوتل، ٢٠٠٦، ٤٧)زەوی تا ڕادەیەکی زۆر لای هەموو گەلە سەرەتاییەکان موڵکی هەموو کومەڵگا بووە(دۆرانت، ٢٠٠٧، ١، ٥٢). مێژوو ئەو ڕووەی جەنگی نیشانداوە کە جەوهەری بنیادی بنیادنانەو سەرهەڵدانی قوناغی نوێیە، جە نگ وەک و دایکی هەموو دیاردە کۆمەڵایەتی و بناغەی شارستانیەت سەیر دەکریت، یانیش دەتوانین بڵێین بەهاوبەشی لەگەڵ حکوومەت ئەو خێزانە پێکدێنن کەبناغەی دەوڵەتداری پێ بەڕێوەدەچێت و ڕۆڵی بنیاتنان و وێرانکەریش دەبینێ

**باسی یەکەم: جەنگ وەک داینەمۆی گۆڕان و بنیاتنان لەتێروانینی هەردوو بیرمەند**

لە بابەتی پێشووتر لە ئالۆزی پەیوەندی نێوان مێژوو و جەنگی نێوان مرۆڤەکان دواین، تێروانینی بیرمەندان دەرخەری ئەوەبوو کە جەنگ و مێژوو لەو بنەمایانە ئەژماردەکرێن کە پاڵنەری مرۆڤن وەک پایەکی ئەزموونی بۆ بنیاتنان، چونکە تێکەڵی یادەوەری تاک و کۆمەڵەکان دەبێت دواجار وەک غەریزەی تۆڵەکردنەوە یان غەریزەی چاولێکردن وانەیەکی یادەوەری لەیادگایی مرۆڤەکان جێدەهێڵێت، دەیانەوێت گەورەیی و شکۆ وەدەستبخەن بە جەنگ و ئەم گەورەیی و شکۆیەش بنچینەی بنیاتنانی ژیارە لە ئاستە باڵاکەی، بۆیە جەنگ لەگەڵ هەموو نەهەمەتی و وێرانکاری، بەڵام شکۆمەندیەکی لە ناوخۆیدا هەڵگرتووە ئەویش دان پێدانانە ئەم دانپێدانە هەمان باسە کە بیرمەندان وەک هێزی ژیار لێکیانداوەتەوە، چونکە جەنگ و سیاسەتیان دیوەو تەواوکەری یەکترن. هەرئەوەشە مەکیاڤیللی بەگەورەترین زرنگی پێوانەکردن پێوانەی کردوە بۆ کەسی کۆکەرەوەی گروپە کۆمەڵاتیەکان کە شازادە یاخود سەرکردە پێی وایە نهێنیەکانی فێڵەکە دەتوانێت بە ئاسانی سەرکەوتن و ئامانجەکانی پێ بەدی بێنێت، هەر سەرکردە و هێزێک لە فێڵکردنی جەنگ و سیاسەت لاواز و نا وشیار بوو ئەنجامەکەی شکست و پاشکۆیەتییە (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٥، ٥٦، ٥٧)شکست و پاشکۆیەتیش وێرانبوونی وڵاتە وێرانبوونی وڵاتیش هۆیەکە بۆ ملکەچکردنی خەڵکەکەی(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٤٩).

ویل دیورانت هەمان بڕوای مەکیاڤیللی هەیە و پێی وایە جەنگ دوا ستراتیژە و دۆڕانی جەنگ واتای کۆتایی هاتنی بوون و نەمانی دەسەڵات دەگەیەنێت، ئەوەتا بەزمانی مرۆڤێکی مەیدانی جەنگ دەڵێت "گەر من کوژرام هیچ جیاوازییەکی نییە لەلام دوژمنی هۆزەکەم بمخوات یان فڕێم بدات" (دیورانت،٢٠٠٧ ، ١، ٤٠) مرۆڤ لەهەموو لایەک لە جەنگدان دایە بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەو بڕوایەی مەکیاڤیللیە ئەویش بوونی دۆخێکە کەتوانا و هێز و چانسێکی باشە بۆ کۆکەرەوەی هێزەکان( مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٣٠) ئەو جەنگانە چەند فاکتەرێکی بێبەزەیی بوون بۆ هەڵکەندنی گەلە لاوازەکان و بنبرکردنیان، ئەوەندەش گەورەیی و شکۆمەندی و شانازی بوون بۆ ئەوانەی براوەی جەنگەکان بوون تەنانەت تاقیکردنەوەی ئاستی مرۆڤیش بوون لە ڕووی ئازایی، توندوتیژی، دڵڕەقی، زیرەکی و لێهاتیووی خۆیان بەرزتر دەکردەوە، ئەم جەنگانە هانی مرۆڤیشیان دەدا بۆ داهێنان و بوونە هۆی دروستکردنی ئامراز گەلێک کە پاشتر ئامرازی سوود بەخشیان لێ دەرچوو، هەروەها داهینانی چەندین هونەری جەنگی کە دواتر دەبوونە هونەری ئاشتییانە، ئەوەتا چەندین هێلی ناسنین ئەمرۆ وەک بەشێك لە پلانی جەنگ دەست پێدەکەن و سبەینێ دەبنە ئامرازێکی بازرگانیکردن، لەسەرروو هەموو ئەوانەشەوە جەنگ ئەو بێسەروبەریەی نەهێشت کە لەناو گروپە سەرەتاییەکاندا زاڵ بوو و لە بری ئەوانە سیستم و یاسای خستە ژیانیانەوە و بوو بەهۆی بەکۆیلەکردنی دیلەکانی جەنگ و ملکەچ کردن بە چینەکان و سەرهەڵدانی حکومەتەکان لە ڕاستیدا موڵکداری دایکی دەوڵەتە و جەنگیش باوکیەتی(دیورانت،٢٠٠٧ ، ١، ٦٦) چونکە ئارەزووی بوونی هێز و دروستکردنی ناوە ندی سیاسی ئارەزوێکی هاوبەشی مرۆڤەکانە (مە کافیللی، ٢٠١٩، ٣٨)مە کیاڤیللی دە ڕگایەکی دیکەی گەنگەشە والا دەکات، کاتیک ناوەندێک بوونی هەبێت ڕاستەوخۆ بەڵگەیە لەسەر بوونی خاوەن هێزێک، بوونی ئەو خاوەن هێزەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سەرچاوەی هێزی ژێردەستەکانی(کیاڤیللی، ٢٠١٩، ١٤٢) جەنگ هۆیەکە بۆ سەلماندنی هێز و هەبوونی یەکەیەکی ناوەندی و مانەوەی ئەو یەکە سیاسیە پەیوەستە بەکار و کردەوەی ئەوەی خاوەنداریەتی لە هێز دەکات بەرپرسیاریەتی جەنگیش لەئەستۆ دەگریت و سەرکردایەتی دەکات(جهانبگلو، ٢٠٠١، ٦٤).

ئەو دەوڵەتەی تەنها پشت بەهێز دەبەستێت هێندە نابات بیناکەی تووشی داخوران دێت بۆیە زانایی و هۆشیاری کەسی سەرکردە ئەم پایە ڕادەگرێت و خەڵکیش جلەوگیر دەکات( دیورانت،٢٠٠٧ ، ١، ٧٠) مەکیاڤیللی زیاتر قوڵ دەبێتەوە و پێی وایە ئەوەی لە کاتی هێمنی زەریا خۆی بۆ زریان ئامادەنەکات زریان دەرفەتەکانی بۆ ناهێڵێتەوە چونکە جەنگەکان تۆماری ئامادەکاری و ئارامییەکانن ئەو ئارامیە شایستەیی دەبەخشێتە ئەوانەی خاوەنداریەتی ڕاستەقینە دەکەن (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣) مروڤ دارەدەستی بۆ خۆی دروستکرد ئەو دارەدەستەش چەندە داهێنان و سادە بوو بەڵام هێندە بەکەڵك بوو هەردەم مرۆڤ وەک هێمایەکی هێز و دەسەڵات ڕووبەڕووبوونەوە و خۆ پاراستن لێ دەروانیی (دۆرانت، ٢٠٠٧، ١، ٤٣).

مرۆڤ وەک بونەوەرێکی ژیر سوودی لەجەنگ وەرگرتووە و لەبازنەیەکی خولاوە نەسوڕاوەتەوە بەڵکو کاتێک لەجەنگێک سەرکەتووبووە بناغەی ئەم جەنگە وەک هێمایەکی مێژوویی بۆ نەوەکانی دوای خۆی جێهێشتووە، کۆمەڵێک گۆڕانکاری هەمەلایەنی لەبواری پاراستن و پێشکەوتنی جەنگەکە وەرگرتووە لەوەش گرنگتر جەنگ لە هێزەوە گوستراوەتەوە بۆ ژیری و زەین و بەکارهێنانی تەکنیک، ئەوەش قوناغی گرنگی ژیار و بناغەیەکیش بووە بۆ جێگیربوونی خەسڵەتەکانی ژیار، چونکە مرۆڤ هەمیشە ئەزموونەکانی وەک بناغەیەکی گەشەی ئەقلی سوود لێوەرگرتووە ئەوەش وایکردووە جەنگ بەتەنها دیوی وێرانکاری و ماڵوێرانی و کوشتارگە و لەناوبردنی نەبێت بەڵکو جەنگ ڕوێکی تری هەبێت کە گواستنەوە قۆناغەکان و هێنانی ئارامییە دوای لەناوبردنی مەترسییەکان یان زاڵبوون بەسەر مەترسییەکان.

**باسی دووەم: مێژوو وەک بزوێنەرێکی بنیاتنان لەتێڕوانینی مەکیاڤیللی و ویل دیورانت**

قۆناغی دوای جەنگەکان قۆناغی دەسپێکی مێژووە، جا ئەگەر بێت و ئەم جەنگە لە نێوان دوو هۆزی سەرەتایی ئاسیایی یان ئەفریقایی یان دوو زلهێزی قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست یانیش لەسەردەمی نوێ بووبن، دوای جەنگەکان هەمیشە براوەکان ستایشی سەرکەوتن و بەگرنگ زانین و ستایش کردنن و ئەو چرکەساتەی سەرکەوتن چێژی لێدەبینن و بۆ نەوەکانیان وەک کەلتورێکی گرنگی جیاواز دەگێڕنەوە، ئەو جیاواز بینین و چێژی سەرکەوتنە لە هزر و یادەوەری مرۆڤەکان هەنگاوەی کردەیی لەسەر بنیات دەنرێت وادەکات هێزەکە بکرێت بە ناوەندێکی سیاسی، لەبەشی زۆری حالەتەکاندا ئەم ناوەندە سیاسیە دەبێت بە ناوەندی ژیار و زۆرجار ئەگەر هێزەکە توانای بەرگەگرتن کێبڕکێ و بردنەوەی هەبوو لە جەنگەکان، بوونی ناوەندی هێز ئەو ناوەندەی کە مێژوو دەگەیەنێتە ئاستی بوونێکی نوێ بۆیە هەوڵ و ئامانجەکانی، مەکیاڤیللی دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە هێز کاتێک پێکهێنەرەکان بنیادی دەنێن، واتای بوونی هێزە نەک بوونی مێژوو، بەڵام کاتێک دەبێتە هێزێکی فراوانخواز بەردەوام دەبێت لە پاراستن و مانەوەی خۆی واتای بوونی مێژوو و گەشەکردنە (مە کیاڤیللی، ٢٠١٩: ١١٤-١١٧)

ئەوەی کە مەکیاڤیللی بە گرنگترین پایەکانی دەزانێت بۆ بوونی مێژوو، کە هەم کاریگە ری لە سە ر پاڵنەرەکانی هێز و هەمیش بۆ مانەوە و بەردەوامیدان بەهێز بریتیە لە کۆکەرەوەی گرووپە کۆمەڵایەتیەکانی هێز (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩ : ٨٨-٨٩ ،١٢٩-١٢٨) لە هزرەکانی بەسەختی تێدەکۆشا بۆ بنیاتنانی هێز نەک وێرانکاری، ناوبراو ئامانجی ئەوەبوو، حەتمیەت بۆ هێز دروست بکات، بەڵام لە تێگەیشتنەکانی بۆ هێز ڕادەستی بارودوخێک دەبێت کە هێز خاوەنی کۆتاییە و لە نێو مێژوو گەرانی وردی بۆ کوتایی هێز کردووە(مەکیاڤیللی ٢٠١٩: ٥٧) بڕوای دیورانتیش هەمان بڕوای مەکیاڤیللییە لەڕاستیدا لۆژیکی دیورانت توند و قوڵتریشە، چونکە ئەو پێی وایە توندوتیژی ئەو ئامرازەیە کە دەوڵەتی خوڵقاندووە، دەوڵەت ئاکامی پەلامارە ئەنجامیش سەرهەڵدانی چینێکی فەرمانڕەوایە لە سەرکەوتووەکان بەسەر سەری دۆڕاوەکان، لێرەوە مێژووی نوێ دێتەکایەوە جا مێژووی ململانێی نێوان چینەکان بێت یان مێژووی یادگای سەرکەوتوو و دۆڕاو بێت(دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ٦٧) مێژوو جارێکی دیکە ئەوە دەخاتە بەرچاو، کە ڕووداو و پێشهاتە پێشینەکان و چۆنیەتی ڕوودانیان لە ژێر چ پاڵنەرێکدابوون، هەموو ئەوەی نەخشەی بۆ دەکێشرێت پاڵنەرەکانی هێز هۆکاری سەرەکین، هەر ئەوەش وایکردووە مەکیاڤیللی بەڕوونی لەناو مێژوو بۆ تەواوکردنی هاوکێشەی زانستی بگەڕێت و بگاتە ئەو باوەڕەی کە مێژوو دەتوانێت ئەوە بۆ مرۆڤ پشتڕاست بکاتەوە بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن بەو پێیەی مێژوو و تومارەکانی شایەتی بێ بەزەییانە و دەسپێکی بوونی هێز و کۆتایی هێزەکانیشە، وە بەڕاشکاوانەش ئاماژە بەوە بکات کە پڕۆسەی بەردەوامی هێز پڕۆسەیەکی مێژوو کردە مێژوو یەکێکە لە پاڵنەرەکانی، هەر ئەوەش بووە کە مەکیاڤیللی هەوڵی سەلماندنی داوە و گەیشتوتە ئەو باوەڕەی کەئەوەی مرۆڤەکان لەسەری دەژین هێزە کە مێژوو یەکێکە لە پاڵنەرەکانی دروستبوونی، چونکە بە بڕوای ئەو جیهانیش جیهانی هێزە (عبدول، ٢٠٠٨، ٣٩ ؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٤٢) .

لەڕاستیدا مێژوو و گۆڕانکارییەکانی جیهانیش لەسەر ویستی هێزەکان وەستاون( عبدول ٢٠٠٨، ٤٠) لەبابەتی ڕابردوو زانرا جەنگ هەم هۆکاری دەسپێکی مێژووە هەمیش قۆناغی پێش شارستانیەتە چونکە ئەوانەی جەنگیان ئەنجامداوە داهێنانیشیان کردووە( دیورانت، ٢٠٠٧ ، ١، ٦٤). ئاشکرایە ئارەزووی بوونی هێز و دروستکردنی ناوەندی سیاسی ئارەزوێکی هاوبەشی مرۆڤەکانە(مەکاڤیللی، ٢٠١٩، ٣٨) کاتێک ناوەندێک بوونی هەبێت ڕاستەوخۆ بەڵگەیە لەسەر بوونی خاوەن هێز، هەبوونی ئەو هێزەش لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی هێزی ژێردەستەکانی (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩ : ١٤٢)، درێژبوونی مێژووش وابەستەیە بە مانەوەی ئەو یەکە سیاسیە ئەویش پەیوەستە بەکار و کردەوەی خاوەنداریەتی کردنی خاوەن هێزەکە کە مێژوو دروست دەکات(جهانبگلو، ٢٠٠١ ، ١٦١).

بەڵگە نەویستە لە بەرەبەیانی مێژووەوە، جەنگ بەشێک بووە لە سروشت و ژیانی مرۆڤ، ئەگەر دیقەت بدەین لەگەڵ گەشەی شارستانێتیدا رووخسارەکانی جەنگیش گۆڕاون، بە پێچەوانەی دیتنی "مارکس"ەوە زانست و پێشکەوتن نەک نەبووە هۆی خۆشنوودی بەڵکو لە هەموو لایەکەوە بەڵای گەورەتری هێنا و قورەکەی خەست و خۆڵتر کردووە، پێشکەوتنی ژیاری بریتیە لە قۆناغی "کشتوکاڵی، پیشەسازیی، تەکنۆلۆژیی". ئەگەر لە ڕووی ئابوورییەوە هەردوو سیستمی فیودالیزم و سەرمایەداریی بن، ئەوا لە ڕووی جەنگ و ئامرازە سەربازییەکانییەوە شەقڵی جیاوازتریان وەرگرتووە، قۆناغی کشتوکاڵی، لە رووی ئابوورییەوە خاوەندارێتی زەویە لەلایەن مرۆڤەوە، سەردەمی کۆیلەداریی و فیوداڵیشی لە خۆیدا جەم کردۆتەوە، لەم پێڤاژۆیەدا جەنگەکان پێویستیان بە پاڵەوانە پاڵەوانەکانیش کارەکتەری ناو تۆمارەکانی مێژوو بوون لەو پەڕی سادەیی، بەو پێیەی ئامرازە جەنگییەکان پێویستیان بەهێزی عەزەڵی زۆر هەبووە، بەڵام لە قۆناغی پیشەسازییدا پارادیمی جەنگ دەگۆڕێ و بڕێکی کەمتر لە هێزی بازوو دەخوازێت، مێژووش دەچێتە قۆناغێکی نوێ لە سۆنگەی ئەمە ئامێرەکان لە تیروکەوان و شمشێر و مەنجەنیقەوە دەگۆڕێن بۆ تفەنگی سادە و تۆپی دوورهاوێژ، ئەمەش سەردەمی قارەمان و سوارچاکەکانی بەکۆتا گەیاند، لەم نێوەندەدا مێژووش گۆڕان و گەشەیەکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت، لە قۆناغی سێهەمدا "باڵادەستی تەکنۆلۆژیا" ئامێرە جەنگییەکان بە ڕاددەیەک پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینی، هیچ پێویستییەک بە هێزی میکانیکی مرۆڤ نەما، لە جێگەی تفەنگە تەقلیدییەکان و تۆپە دوورهاوێژەکان، فرۆکەی شەبەح و ئاپاچی و چەکی پێشکەوتووتر ڕۆڵیان پەیدا کرد، مرۆڤ هیچ بوشایی و پاساوێك بۆ بە ژیاریبوونی خوی نابینێت ئەگەر لە جێگایەك ئارام نەگرێت و خۆلی ئەو جیگایە نەکاتە کشتوکال(دورانت، ٢٠٠٧، ١، ٢١؛ دیفید فیشر، د. س، ١٠٥، ١٠٦ ).

لە ناو مێژوو، کاتێک لە بارەی هێز و پاڵنەرەکانی گەڕان بکرێت بابەتێک دێتە بەرباس کە مێژوو لە ناوەندی بنیاتنەرانی هێز گەشەی کردووە(جیهانبگلو، ٢٠٠١، ٦٤) مەکیاڤیللی لە ناو پێشهاتە مێژووییەکان بە دوای ئەڵقەیەکی ونبووی ئەم پرسەدا دەگەڕێت و هەموو هە وڵێکی هزری خۆی دەخاتە گەڕ و لەو باوەڕەدایە مێژوو خاوەن حیکمەتێکە دەتوانێت ئەو ئەلقە ونبووە بدۆزێتەوە بۆ تەواوکردن و دەستکەوتنی وەڵامێک لەبەر ئەوەی مێژوو بەرهەمی ئەقل و ئەزموونی ڕابردووی مرۆڤەکانە و بابەتێکی پڕ ئاڕاستەی زانستیە، بۆیە شیکردنەوە بۆ پرۆسەی هێز لەسەر بنیاتی ڕووداوە مێژووییەکان دەکات ئەوەش پرسێکی بەردەوام جێگای سەرنج و تێرامانە، مێژوو هەر ئاوا گەشەی کردووە کاریگەری خۆشی لەدونیای مرۆڤەکان جێ هێشتووە(مە کیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٢، ٥٣، ١١٧؛ سارتە ر، ٢٠٠٤، ٩، ١٠؛ storig, (Hans Joachim, .1961: p.334

مەکیاڤیللی سەرکردایەتی لە مێژوو لەسەربنەمای ئەقل و ئەزموون و زەرورەتی دروستکردنی ناوەندێک کە مێژوو دەگەیەنێتە ئاستی بوونێکی نوێ بۆیە هەوڵ و ئامانجەکانی مەکیاڤیللی ئەوەیە مێژوو لەسەر ئەزموونێکی ڕابردوو و ئەقلێکی گەشەکردوو بنەڕەتی خۆ دروست دەکات هەموو ڕێگا و پەنایەک بۆ مانەوە و بەردەوامی ئەو هێزە بەڕەوا دەزانێت لە تۆماری بەردەوامی مێژوودا (مەکیاڤیللی ٢٠١٩، ١١٤، ١١٧، ١٣٨) ئەوەی کە مەکیاڤیللی بەگرنگترین پایەکانی دەزانێت بۆ بوونی مێژوو کاریگەری لەسەر پاڵنەرەکانی بنیاتنەرانی مێژووە، دیورانتیش تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە مرۆڤ بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی ژیانی خۆی فەرامۆش دەکات بەڵام ئەوانەی سەرکەوتنی خۆی تێدا دەبینێتەوە وەک کارەکتەری براوە ئەوانەی یادیان دەکاتەوە وەک شانازی و ئەزموونی کەلتووری خۆی، لەڕاستیدا مرۆڤ نایەوێت وێنایەکی تێکشکاوی بۆنەوەکانی خۆی نیشان بدات بۆیە هەمیشە بۆ نەوەکانی وێنایەکی مێژوویی وا دەکێشت کە خۆی لە شانۆی ژیان ڕۆڵی سەرەکی گێڕابێت، مێژووە کە لەچاوی نەوەی دوای خۆی نەوەیەکی مەزن دەبێت تەنانەت گەر لەجەنگە یان هەر هۆیەکی دی شکستی خوارد بێت یان بەهانەی بۆ هێناوەتەوە لە پێناو نەشکانی گەورەکردنی وێنەی خۆی و نزیکەکانی ئەوەش شانۆی گۆڕانکاری سەردەمەکان و بەردەوامیدانی ململانێکانی درێژە پێداوە( دیورانت،٢٠٠٧، ١، ٢٣٢؛ نصار، ١٩٩٣، ٥)

مەکیاڤیللی ئەم بیرەی لای دیورانت ڕاشکاوانەتر شیدەکاتەوە و پێی وایە حەزی ملکەچکردنی ئەوانیتر لەلایەن کۆمەڵێک دەورژێت و دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو هەوڵەکانی خۆیان بخنە گەڕ بۆ ئەوەی ئامانجیان بهێنەدی ئەو ئامانجەش دروستکردنی مێژوویێکی نوێیە، ئەوەش لە پێناو تەواوکردنی خواستەکانی خۆیان و سەندنی ئەو شتەی کە کۆمەڵەکەی تر خاوەنداریەتی لێدەکەن بەم هۆیەشەوە هەوڵدەدەن ڕوحی گشتی لەنێوان هەردووک لا چ ئەو لایەنەی هێرشدەکات و چ ئەو لایەنەی هێرشی دەکرێتە سەر و بەرگری دەکات لەپێناو بردنەوە و سەرکەوتن، جەنگاوەران لەمەیدانی جەنگدا پاشا و سەرکردەکانی لە سەرکەوتنی جەنگدا شکۆ و مەزنی خۆیان دەبینن ئەوەش مێژووی نوێ و سەردەمی نوێ دەهێنێتە ئاراوە، چونکە جەنگ وەک ئەو ئامرازەی نەمری و زاڵبوون و بەجیهانیبوون دادەنرێت مرۆڤ لەجەنگدا خۆی لە ڕوکاری سەرکردە وێنا دەکات، مێژووش خۆی لە هەناوی جەنگ لە دایک دەبێت، چونکە هە ر زاڵبوونێک مەزنایەتی و مێژوو لەگەڵی لە دایک دەبێت(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٦، ١٤٢). مێژوو بۆخۆی بەشیکی گرنگی مێژووی جەنگ و ململانێی نێوان مرۆڤەکانە و هەموو کێبڕکێکانیش لەپێناو زاڵبوونن، ئەوانەشی لەو ململانێیانە بەشدارییان کردووە، حەزی گە یشتنیان هەبووە بەو ئامانجە دوورانە و هاوکارەکانی خۆشیان بەوهەنگاوە ئاراستە کردووە، مێژوو خۆی بەرهەمی ئەو کێبڕکێی نێوان لایەنە ناکۆکەکانە.

**باسی سێیەم: گەشەی بنیاتنانی ژیار لەنێوان مەکیاڤیللی و ویل دیورانت**

گەشەی بنیاتنانی ژیار پەیوەستە بە گەشەی هێز و گەشەی هێزیش پێویستی بەسەلماندن بووە، ئەویش پێویستی بەجەنگ هەبوو جەنگیش سەرکەوتن و شکستی لەهەناوی خۆیدا هەلگرتبوو، مێژوو لەم چرکەساتە گەشەدەکات ئەو مێژووەش پێوانەی گەشەی ئەزموونی و ژیری مرۆڤە کە لەنێو ئەم دوانەش میراتی پێشینان دەبێتە کەلتوور ئەم کەلتوورەش بەهەردوو شێوەی بینراو نەبینراو دەستپێکی شارستانیەتی مرۆڤایەتین.ئەو دەوڵەتەی تەنها پشت بەهێز دەبەستێت هێندە نابات بیناکەی تووشی داخوران دێت بۆیە زانایی و وشیاری کەسی سەرکردە ئەم پایەیە ڕادەگرێت و خەڵکیش جلەوگیردەکات( دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ٧٠) چونکە خەڵك ئەگەر بە سروشتی خۆیان بەئەمەکیش بن، بەڵام دیسان هە ر بە سروشتی خۆیان کەلە ڕەقیشن، هێز تاچەندە پەنهان و ناڕاستەوخۆبێت سەرکەوتنی زیاتری لێدەچنرێتەوە، دەوڵەت بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خۆی بکات پەنای بردە بەرچەندین ئامراز و ڕێگە کە هەندێکیان هەبوون و بەکاری دەهێنان هەندێکی تریان بۆخۆی دایدەهێنان بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکانی خۆی بگەیەنێتە خەڵک، وەك خێزان و کلیسا و قوتابخانە لە پێناو ئەوەی ڕەوشتی وابەستەیی بە نیشتیمانەوە و شانازیکردن بەو نیشتمانەوە لە ناخی هاوڵاتیدا بچێنێت(دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ٧٠). ژینگەی مرۆڤ بە شێوەیەکی خۆرسك نیمچە نەگۆڕ بوو پێویستیشی بە هێزی ژیری نەبوو بۆ مانەوە، بەڵکو پێویستی بە ئازایەتی و بە کامڵبوونی کەسێتی هەبوو، باوکی سەرەتایی هەموو بایەخی خۆی دەدا بە بنیاتنانی کەسییەتی کوڕەکەی، وەك چۆن پەروەردەی نوێ هەموو بایەخی خۆی دەدا بەمەشقی هێزی ژیری، هەمیشە مەبەستی ئەوە بووە پیاو دروست بکات، سەرەتای ژیاری مرۆڤەکان بە سیستەمی جیاواز و تێگەیشتنی جیاواز بیریان لە بنیاتنان دەکردەوە، بەڵام لەوەتەی مرۆڤ بوونی هەبووە هەوڵی یەکەمین لەپێناو پڕکردنەوەی پێویستیەکانی بووە لە پێویستی سەرەتایی تا پێویستی دەسەلاتداریی، چونکە وەها پێویستی کردووە بۆ پڕکردنەوەی پێویستی ژیانی ئینجا ژیار گەشە دەکات چونکە ژیار پێویستی بەڕووبەڕبوونەوەیە جا لەگەڵ سروشت بێت یان هاوڕەگەزی خۆی (دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ١٦٨؛ الماوردي،١٤٩،١٩٨٩) .
هەم مەکیاڤیللی و هەمیش دیورانیت هاوڕان کە دەسەڵات غەریزەیەکی هاوبەشی مرۆڤەکانە و جەنگیش حەتمیە لە هەموو قۆناغەکانی گەشەی ژیاری مرۆڤایەتی هەر ڕوودەدات، ڕوودانی جەنگیش بەسەرهەڵدانی دەوڵەت کۆتایی دێت لێرەشەوە مێژوو دەست پێ دەکات( مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ؛ دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ٦٤) بیرکردنەوەی هەردووکیان هابەشە لەبارەی بنیاتنانی شارستانیەت و داهێنان لەمێژووی مرۆڤایەتی هەردووکیان لەو باوەڕەدان جەنگ هەم هۆکاری دەسپێکی مێژووە

هەمیش قۆناغی پێش شارستانیەتە، چونکە ئەوانەی جەنگیان ئەنجامداوە داهێنانیشیان کردووە، هەموو داهێنانێکی نوێ چەکێکی نوێ بووە بەدەست بەهێزەکان، (دیورانت،٢٠٠٧، ١، ٦٠، ٦٤؛Haikal, Mujahid ,2020:p98 )).

شارستانیەت بۆ ئەوانە بەکاردێت کە گەشەیان کردووە لەڕۆژانی بەبرشتدا ئامادەکاری بۆ ڕۆژانی سەختیش دەکەن(دۆرانت، ٢٠٠٧ ،١ ، ٢٨) ژیار بەستراوەتەوە بە خودی شارنشینییەوە کەلتووریش بە کشتوکاڵەوە(دورانت، ،١ ، ٢٢) کشتوکاڵیش بەدەوڵەت و پاراستنی، ئەم پاراستنەش لەلایەن ئەو کەسانەوە دەکرێت کە خاوەنی هێزن و توانای کۆکردنەوەی گروپە کۆمەڵاییەتیەکانیان هەیە(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩)مرۆڤ ڕقی زۆری لە دەوڵەت و جلەوگیری هەیە و حەزی لە سەربەستیە، مرۆڤ ئەوندەی لە تەنهایی دەترسێت ئەوندە کۆمەڵگای خۆش ناوێت واتا ناچارییەک لە پرۆسەی بنیاتنان هەیە کە دواجار ململانێی چینەکانی لێ هاتوتە بەرهەم (دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ٦١)

ململانێی چینەکان بە درێژایی هەموو چاخەکانی مێژوو وەك هێڵێکی سوور ڕێچکەی خۆی گرت، ئەم جەنگەی نێوان چینەکانیش ئەو دەوڵەتەی دامەزراند کە ئیدی بوارێک نەمایەوە بۆ خۆ لادان لە دامەزراندنی لە پێناو ڕێکخستنی ئەو چینانەداو پاراستنی موڵك و ماڵ ( دیورانت،٢٠٠٧ ، ١، ٦٠) لەلایەکی دی ئەو دەوڵەتەش کۆتایی بەچاو تێبڕین نەهێنا چونکە حەزی گە یشتن بە ناوەند و دەسەلآت حەزی هاوبەشی مرۆڤەکانە، ئەوە بۆتە نەریت لەلای ئەو کۆمەڵانەی ژێردەستەشن حەزیان کردووە ناوەندییان هەبێت و سەربەخۆبژین( مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥١) جارێکتر ئەو جەدەلە بەردەوامە بەدرێژایی مێژووی بنیاتنان و ئەو ئامرازانەی کە دەوڵەتیان خولقاندووە، کە دەوڵەت ئاکامی پەلامارە بریتییە لە پێکهاتنی چینێکی فەرمانڕەوا لە سەرکەوتوەکان بەسەر سەری دۆڕاوەکانەوە، چونکە دەوڵەت ئاکامی هێزە و هەمیشەش بە پاڵپشتی هێزێک دەمێنێتەوە (دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ٦٧)

ئینجا ژیار تەنها پرسێکی سیاسی و دەسەلآتداری نابێت بەڵکو دەبێتە پرسێکی پەروەردەیی ئەم پرسەش بەرزترین پایەی ڕاگری کۆمەڵگایە ئەویش وەک کەلتورێک لێکەوتەکانی مەودا درێژ و زیندوون لەسەر ئە و پایانەی کە هێز خۆی تێدا ڕێکدەخات و گەشە بەبوونی خۆی دەدات( مەکیاڤیللی، ٢٠١٩، ١٨٦، ١٩٦ ) هەموو دەوڵەتێك بە ستەم دەستپێدەکات بەڵام هێندە نابات خووگرتن بە ملکەچی دەبێتە حاڵەتێکی ویژدانی و هەم خێراش نەوە دوای نەوە هەموو هاوڵاتییەك وابەستەیی بۆ ئاڵا ناخی دەهەژێنێت، سەرەتای دەوڵەت بەهەر چەشنێک بێت هێندە نابات دەبێتە پایەیەکی سەرەکی یاساو ڕێسا (دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ٦٨) ئینجا هۆز و تیرەکان دەچنە ژێر سەرکردایەتی سەرۆکێک کە هەنگاوی کردەیی دەوڵەتدارییە( دیورانت، ٢٠٠٧ ، ١، ٦٣) ئاشکرایە تاک و کۆمەڵ دوو چەمکن بەیەکەوە لە دایک دەبن و کەسایەتی لە چەندین چوارچێوەی جیاواز دادەڕێژرێت،تاکی کومەلگایەکی دیاریکراو لە زۆر هەڵە وەك یەکن. مرۆڤ هەوڵ دەدات لە قۆناغێکی ژیانی لاسایی ئەوانی تر بکاتەوە، لاساییکردنەوەش لە گرنگترین ڕۆڵگێری دیاریکردنی خەسڵەت و سروشتی هەر پێکهاتەو نەژادێکە لە چۆنیەتی ژیان و چارەنووسیان بەوەی دەبێتە چوارچێوەی سروشتی ئە و پێکهاتەیە بۆ خوێندنەوەی سروشتی تاک و کۆمەلگاکەشی، مەکیاڤیللیش چاولێکردنی ئەزموونی ئەوانی دی لە بنیاتنان و گەشەپێدان بە گرینگترین بەشی ئاڕاستەبوونی لایەنی دەروونی تاک دادەنێت، تاکو هەنگاوی دروست لە ژێر ڕۆشنایی هەنگاوی پیاوەگەورەکان بنێت و لاسایی ئەوانە بکاتەوە و پێچەوانەکەشی ڕاستە مرۆڤ دەبێتە بەرهەمی زیندوێتی مێژوو کۆمەلگاکەی، ئەگەرچی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و لەگەڵ هەموو ئەوەی لە نێویدایە کەخودی خۆیەتی بێگانەیە چونکە گرفتەکانی لە نموونەی باڵای خودی لە ناخی مرۆڤ و لە ناوچەی ئەقلی زەخیرە کراوە، ئەقلی پەنهان ئەوەش لەڕێی هێزە نەرێنییەکان لەبارەی خۆیانەوە کە زیاتر لە جارێک دووبارە دەکەنەوە کە ژیانیان لەنێوان ئاڵنگاری و ناڕەحەتیدا دەخولێتەوە. ئەوەی دەروونی کەسایەتی مرۆڤ فێری پێشکەوتن و گەشەپێدان دەکات و ڕایدەهێنێت و ئاشنای ژیانی دەکات ڕابردووی ئەوانی دیکە و کۆمەڵگایە(وە ردی، ٢٠٠٧، ٩٤؛ شە ریعە تی، ٢٠١٤ ، ٣٦؛ فە قی، ٢٠٠٩، ٢٢؛ مە کیاڤیللی، ٢٠١٩، ٥٢).

دوای ئەوەش کاروانی ژیار سەرهەڵدەداو پێکدێ، هیشتاش ئەوە دوای ڕەچەڵەکی تایبەتییەکەی خۆمان بکەوین لە پێش دەستپێکردنی مێژووەوە ئیستاش لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی بنیاتنان و پێگرتنی مێژوو دەکرێت چونکە ئەم بوارە زۆر پەیوەندی بە پرۆسەی گەشەی بوون و گەیشتنی ژیارە بە بەرزترین پرۆسەی پێشکەوتن چونکە مرۆڤی بەر لە مێژو ئەو هەنگاوەی هەڵ هێناون و لە ڕێیانەوە ڕێگەی بۆ ئەو ژیارە خۆشکردووە کە مێژوو پێی ئاشنایە بۆ نموونە چۆن مرۆڤی جەنگەڵ یان مرۆڤی ئەشکەوت بوو بەو نوسەرەی سۆمەری، یان تەلارسازە میسرییە، گەردووناسە بابلییە، بەو پێغەمبەرە جوولەکە، یان بەو ئیمپراتورە فارسیە، یان بە شاعیرە گریکییە، یان بەو ئەندازیارە ڕۆمانییە، یان بەو پیاوە پیرۆزە هیندییە، یان بەو هونەرمەندە ژاپۆنییە، یان بەو پیاوە چینییە دانایە، بۆئەوەی بگەینە مێژوو پێویستە لەسەرمان لێرەدا لە ڕێی زانستی شوێنەوارناسییەوە ڕێگەی زانستی ڕەگەزە مرۆییەکان بگرینە بە(دیورانت، ٢٠٠٧، ١، ١٧٧، ١٧٨؛ عبد الرحمن، د.س،١١٢).

**ئەنجام:**

**یەکەم:** جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی گرینگی فێربوون لە مێژوو و تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی جەنگ لە پەروەردەکردنی گۆڕانکاری ئەرێنی و پێشخستنی بزووتنەوە بنیاتنەرەکان لە ناو کۆمەڵگادا.

**دووەم:** مێژووی مرۆڤایەتی لە هەوڵدانی بەردەوام پێکهاتووە جەنگیش پاڵنەرێکی بنەڕەتی هەموو گۆڕان و پێشهاتێک بووە جا جەنگ چ قۆناغێکی کۆتایی چینێک بووبێت یان دەسپێکی قۆناغێکی ژیاری مرۆڤایەتی بێت.

**سێیەم:**. لە مێژووی بنیاتنان دەیان هۆ و پالنەر ڕۆڵ دەگێرن لە سەرهەڵدانی مێژووی نوێ و قۆناغی ژیانی مرۆڤەکان جەنگ و مێژووش دووبنەمای گرنگ و پاڵنەری بەهێزی شارستانیەت و دەوڵەت و بەشێکی زۆری داهێنانەکانن.

**چوارەم:** جەختکردنەوە لەسەر گرنگی تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان مێژوو و جەنگ و بزووتنەوە بنیاتنەرەکان لە داڕشتنی ڕەوتی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا.

**پێنجەم:** مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمایەکی ئەزموونی و ئەقلی گەشەدەکەن کە جەنگ بەشێکی بنەڕەتی ئەم گەشەی بنیاتنانەیە.

**سەرچاوەكان:**

**بە زمانی كوردی**


- ئەحمد، كەمال مەزهەر(١٩٧٩)، وردبونەوەیەكی مێژوویی لەبارەی مەكیاڤللی و مەكیاڤیلیزم، وەرگێرانی: حسین عارف، بغداد، گۆڤاری(افاق) شوبات، ژمارە(٦) .
- ئەنشتاین و فرۆید(٢٠٠٧)، پاڵنەرەكانی جەنگ، و: مەریوان هەڵەبجەی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، كوردستان.
- جهان بگلو، رامین (٢٠٠١)، مە كیاڤیللی و بیری ڕێنسانس، وەرگێرانی: مسلیح ئیروانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- دیورانت، ویل(٢٠٠٧) ، مێژووی شارستانیەت، وەرگێرانی: ئازاد بەرزنجی و نەبەز كەمال نوری، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- سارتەر، جان پول (٢٠٠٤) بونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتیە، وەرگێرانی: ڕۆشنا حمد ڕەسول، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، هەولێر.
- شەریعەتی، عەلی(٢٠١٤) مرۆڤ، وەرگێرانی: موسعەب ئەدهەم، ناوەندی بڵاوكردنەوەی سایە، سلێمانی.
- وە ردی، عەلی(٢٠٠٧)،كەسێكی تاكی عێراقی، وەرگێرانی: ئازاد عەلی، چاپخانەی زانكۆ، سلێمانی.
- عبدول، مەریوان (٢٠٠٨)، فەلسەفەی مێژوو لای شپینگلەر، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- عبدوالسلام، عیماد (٢٠٠٥) كانت، وەرگیرانی: پەژار عبدالحمید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- فەقێ، ئیبراهیم (٢٠٠٩)، بیركردنەوەی سلبی و ئیجابی، وەرگێرانی: سەروەر حەسەن، چاپخانەی ڕێنما، سلێمانی.
- گاستن، بوتل(٢٠٠٦)، كۆمەڵناسی جەنگ، وەرگێرانی: مەنسوور تەیموری و سەردار حەسەن، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
- مەكیاڤیللی، نیكۆلا(٢٠١٩) ، میر، وەگێرانی: بەختیار ئەحمەد ساڵح، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.


**بە زمانی عەرەبی:**


- بدوي، محمد طه (١٩٨٩)، منهج في علم السياسة ، المكتب الجامعي الحديث الأزا رباطة، الإسكندرية.
- علي بن عبد الرحمن(دون، سنه)الطيار مقومات السلم وقضايا العصر بين النظرية والتطبيق، ط ١، مركز النشر الدولي، الرياض.
- عبدالمعطي، محمد علي (١٩٩٦) ، السياسة بين النظرية والتطبيق ، ترجمة: محمد علي أبو ريان، دار الجامعات المصرية.
- الماوردي، أبو الحسن (١٩٨٩) الأحكام السلطانية، ط١، دار ابن قتيبة، الكويت.
- نصار ، عبدالله(١٩٩٣)، مدخل إلى نظرية الحرب العادلة، ط١، عين للدراسات والبحوث الإنسانية والاجتماعية القاهرة، مصر.
- گراستون، موريس(١٩٨٠) ، اعلام الفكر السياسي، ط٢ ، دار النهار للنشر ، بيروت.
- فيشر، ديفيد( ٢٠١٤) الأخلاقيات والحرب، هل يمكن أن تكون الحرب عادلة في القرن الحادي والعشرين، ترجمة: عماد عواد، سلسلة عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون، الكويت.
- گراستون، موريس(١٩٨٠)، اعلام الفكر السياسي ، ط٢، دار النهار للنشر ، بيروت.


**بە زمانی ئینگلیزی**


- Bakare, KA (2020) the Machiavellian boss, abrief on corporate machiavelli, Global Journal of Political Science and Administration Vol.8, No.5, December
- Freja Louise Werner (Jul 11, 2017). "New Wars and State Building - A case study on the changed dynamics in New Wars and how it can affect state building in Syria". Lund University/Department of Political Science.

- G. Frank Hoffman (2007), conflict in the 2th century; the rise of hybrid wars, Arling; Virginia copotomac instatute for policy studies.
- Haikal, Mujahid, (2020) Ethics and Power: Niccolo Machiavelli's thoughts on Ethics and Power in Politics, International Journal of Politics and Sociology Research, 8(3).
- Holman, Christopher (2018) Machiavelli and the Politics of Democratic Innovation, University of Toronto Press Toronto Buffalo London.
- Kaldor, Mary (2005). "Old Wars, Cold Wars, New Wars, and the War on Terror." International Politics.
- storig, Hans Joachim (1961), philosophie. stuttgart. kleine Weltgeschicte der
- w. j Nemeth (June 2002) Future warand Chechnya: A case for Hybrid warfare thesis, California (Naval postgraduate school.